# چۆن موسڵمان پێشوازی دەکات لە مانگی ڕەمەزان ؟

[ كردي – كوردی – kurdish ]

نوسینی : مامۆستا عبد الله صادق

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( كيف يستعد المسلم لشهر رمضان ؟ )

« باللغة الكوردية »

الكاتب : عبد الله صادق

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# چۆن موسڵمان پێشوازی دەکات لە مانگی ڕەمەزان؟

برایانی ئیماندارم چەند ڕۆژێکی کەمی ماوە پێشوازی دەکەین لە میوانێکی زۆر ئازیزو مانگێکی زۆر گەورەو پربەرەکەت دەکەین، ودووری نێوانی ئێمەو ئەم میوانە چەند کاتژمێرێکی ماوە، ئەم میوانە بەڕێزەش مانگی ڕەمەزانی پیرۆزە، مانگی هاتنەخوارەوەی قورئان، بۆڕێنمایی وهیدایەتی گشت ئادەمیزاد، مانگی ڕژانی ڕەحمەتی خودا، مانگی لێخوش بونی تاوان وگوناه، مانگێکە دەرگاکانی بەهەشت تێیدا دەکرێنەوە، ودەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن، و شەیتانەکان تێیدا کۆت و زنجیر دەکرێن، مانگێکە شەوێکی تێدایە پاداشتی عیبادەت کردن لەو شەوەدا چاکترە لە هەزار مانگ.

برای ئیماندار: ئایا ئەزانی پێغەمبەری خودا –صلى الله عليه وسلم– چ خۆزگەیەکی دەخواست لەژیانی موبارەکیدا؟، بەڵێ خۆزگەکەی ئەوە بوو دوعای دەکرد کە خودا تەمەنی بدات تابگاتە ئەو مانگە؟ ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە پێغەمبەری خوداوە –صلى الله عليه وسلم– کەفەرموویەتی: "اللهم بارك لنا في رجب وشعبان وبلغنا رمضان"، واتە: ((ئەی خودایە مانگی ڕەجەب و شەعبانمان بەرەکەت دار بکە و بمان هێڵەو وبمان گەیەنە مانگی ڕەمەزان))،وە حیکمەت لە لەداواکاری پێغەمبەری خودا –صلى الله عليه وسلم– بۆگەشتن بەو مانگە ئەوەیە چونکە مانگی ڕەمەزان خودای گەورە تایبەتی کردووە بە دەست کەوتنی خێرو حەسەناتی زۆر گەورەو پلە بەرز، وەبەڕێزترین مانگی خودایە، جا بابزانین چۆن پێشوازی لە میوانە خۆشەویستە دەکەین، وچیمان بۆ ئامادە کردووە بەپێی سوونەتی پێغەمبەری خودا؟

یەکەم جار دوای دوعا کردن بۆ گەیشتن بەومانگە نازدارە وەکو باسمان کرد، لەگەڵ بینینی ئەو مانگە پێرۆزەوە بەئاسمانەوە ئەم زیکرە بخوێنین کە پێغەمبەری خودا –صلى الله عليه وسلم– فەرموویەتی: (( الله أكبر، اللهم أهله علينا باليمن والإيمان، والسلامة والإسلام، ربي وربك الله )).(ئیمامي ترموزي ڕیوایەتي کردووە).

–چاکترین پێشوازی ئەومانگە بەڕێزە ئەوەیە پێشوازی بکەین بە تەوبەی ڕاستەقینە لەهەموو جۆرە گوناهێک، چونکە بەڕاستی ئەوکەسەی لەو مانگە تەوبە

نەکات کەی تەوبە ئەکات؟!! بەڵێ پێشوازی بەوە دەبێت زۆرچاکە کردن لە کردنی نوێژە فەرزەکان بە جەماعەت لە مزگەوتدا وخوێندنەوەی قورئان و زۆر زیکری خوا کردن و داوای لێخۆشبوون و وەبەخشینی ماڵ لەرێی خوداو هەموو جۆرە کارێکی چاکەو خێر.

–بەداخەوە بەشێکی زۆر لە موسڵمانان چەند ڕۆژە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ مانگی ڕەمەزان بە کڕینی خواردەمەنیەکی زۆرو چێشتخانە دەڕازێننەوە وەک ئەوەی مانگی ڕەمەزان لای ئەوان مانگی خواردن و خواردنەوەو نووستن و تەمبەڵی یە، نەگ مانگی عیبادەت و خواپەرستی وکۆشش کردن بێت.

–براکەم : هەموو کاتێکی ئەو مانگە بەهەل بزانە وبیڕەخسێنە بوکاری خێرو تاعەت، چونکە چەند ڕۆژێکە بە خێرایی دەڕوات و لە دەستی خۆتی مەدە.

پاشان ڕۆژوەکەت بپارێزە لە تێکەڵ بوونی هەموو جۆرە گوناە و خراپەیەک، هەتا ئەگەر یەکێک جوێن و قسەی ناشیرینی پێ ووتی تۆ وەڵامەکەت تەنها ئەمە بێت: (( إني صائم، إني صائم))،، واتە بلێ: " من بەڕۆژووم، من بەڕۆژووم)). ئیمامی بوخاری ڕیوایەتي کردووە.

– هەروەها زۆر دوعا کردن لە کاتی ڕۆژو شکاندن دا چونکە پێغەمبەری خودا – صلى الله عليه وسلم– دەفەرموێ: (( ثلاثة لا ترد دعوتهم: الصائم حين يفطر، والإمام العادل، ودعوة المظلوم)) .(ئیمامي یرموزي ڕیوایەتي کردووە).

واتە: " سێ جۆرە کەس دوعایان ڕەت ناکرێتەوە: موسڵمانی بە ڕۆژوو بوو کاتێ ڕۆژوو دەشکێنێت، وپێشەوای موسڵمانی دادپەروەر، ودوعای مرۆڤی زوڵم لێکراو ".

– وەسوونەتە کە ڕۆژووت شکاند ئەم دوعایە بکەیت: (( ذهب الظمأ، وابتلت العروق، وثبت الأجر إنشاء الله )). ئیمامي ئەبوداود ونەسائي ڕیوایەتیان کردووە.

پاشان هەر دوعایەکی تر حەز دەکەیت بیکە بۆخۆت.

–هەروەها کردنی نوێژی تەراویح بە جەماعەت هەموو شەوەکان لە گەڵ ئیمامی مزگەوت دا چونکە پێغەمبەری ئازیزمان مژدەی داوە بەموسڵمانان وفەرموویەتی: (( من قام رمضان إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه )) . ئیمامی بوخاری ڕیوایەتي کردووە.

واتە:" هەر کەسێک قیامی ڕەمەزان–نوێژی تەراویح–بکاتە بەدڵێکی پر لە باوەڕوە وەمەبەستی ڕازی بوونی خوداو پاداشتی بێت، ئەوا خوا لە گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت".

– لەکۆتایی دا لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە کە عومرمان درێژ بکات بگەین بەم مانگە پیرۆزەو چەند جارو چەند جاری تر، وەیارمەتیمان بدات بۆ بەڕۆژووبونی

**ڕۆژەکانی وهەڵسان بەکردنی شەو نوێژو تەراویحەکان، وەخودای گەورە بمانگێڕێت لە قەبوڵ کراوانی ئەم مانگە پیرۆزەو گەردنی خۆمان ودایک و باوک مان و گشت ئیمانداران ئازاد بکات لە ئاگری دۆزەخ، چونکە هەرخۆی لێبووردەو بەخشندەیە.**